بۆ کاک حکیم عمر دیاریە
لەگەڵ هیوای سەرکەوتنما
عبدا
د. عبدالله
٢٠/٥/٢٠٠٧

# نالی

# لە دەرەوەی کوردستاندا

## (١٨٤٨-١٨٧٣) ز

دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد

هەولێر

١٤٢١هـ
٢٠٠٠ ز

❖ ناوی کتێب : نالی لە دەرەوەی کوردستاندا (١٨٤٨ - ١٨٧٣)ز.
❖ نووسەر : د. عەبدوڵڵا محەمەد حەداد.
❖ ساڵ : ٢٠٠٠.
❖ پیت چنین: کۆمپیوتەری یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر.
❖ هیلکاری : کۆمپیوتەری چاپخانەی زانکۆ.
❖ تیراژ : ١٠٠٠ دانە.
❖ ژمارەی ( ١٧٦ ) ساڵی ٢٠٠٠ ی کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری دراوەتێ.
❖مافی لەچاپدانەوە پارێزراوە .
❖ نرخی : (١٠) دینارە .

---

سەرنج:

ئەم لێکۆڵینەوە ئەدەبیە، بۆ یەکەمین جار بە ناونیشانی : ((چەند ئەلقەیەکی ژیاننامەی نالی لە دەرەوەی کوردستاندا (١٨٤٨ -١٨٧٣))) لە گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستی مرۆڤایەتی - زانکۆی سەلاحەددین (ژمارە - ٩ - ساڵی ٢٠٠٠) بڵاوکراوەتەوە.

# پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەبەر دەستدایە، بۆ تاوتۆکردنی چەند سەرچاوەیەکی سەرەکی سەبارەت بە قۆناغەکانی ژیانی شاعیری گەورەی کورد: مەلا خدری شارەزووری (نالی) دوای بە جێ هێشتنی کوردستان (لە دەورووبەری ١٨٤٨دا) تەرخان کراوە.

لەبەر تیشکی ئەو مەعلوماتانەی تیایاندا تۆمار کراون، هەوڵمان داوە ئەڵقە گرنگەکانی سەر بوردەی شاعیر لە وڵاتی غەریبیدا بە شێوەیەکی گونجاو بەیەکەوە بلکێنین...وەڵامی هەندێ پرسیار بدەینەوە، چەندین بۆ چوون و سەرەنجامی بە کەڵك و سوود بەخش وە دەست بهێنین.

(نالی) بە مەزنترین شاعیری کورد لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەژمێردرێ... بنیاتنەری قوتابخانەیەکی شیعری بەرزە... لووتکەیەکی سەرکەشی ئەدەبیاتی کوردیە... چەندین جار دیوانەکەی لە چاپ دراوە[1].. شیعرەکانی لە قوتابخانە و زانکۆکاندا دەخوێنرێ.. کەم شاعیری کورد بە قەد ئەم سەرنجی ئەو هەموو نووسەرانەی بۆ لای خۆی راکێشاوە...

گرینگیدان بە ژیاننامەی (نالی) و شیعرەکانی بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە، نیشانەی رێزلێنانە لە بەهرەی رەنگین و داهێنانی رەسەن، بەڵگەی پێشکەوتنی بزاڤی ئەدەبی و کولتووریە.

لە سیاقی لێتۆژینەوە لەو سەرچاوانەدا، چەند لایەنێکی شاردراوەی کەسایەتی نالی پتر روون دەبێتەوە؛ چاکتر بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم کەڵە مرۆڤە، لە پاڵ ئەوەی خاوەنی بەهرە و سەلیقەیەکی شیعری روون و بێ گەرد بووە، لە بواری زمانەوانی و رەچەڵەك شوناسیشدا، زانایەکی پایەداری سەردەمی خۆی بووە... دۆست و یاوەری زانا و شاعیر و گەورە پیاوان بووە... رووی لە هەر جێگەیەك کردبێ، بە رێز و حورمەتەوە پێشوازی لێکراوە...

دوای لە ناوچوونی ئەمارەتی بابان و لە بەریەك ترازانی شیرازەی دام و دەزگاكانی ئەحمەد پاشا، وەرچەرخانێكی قووڵ لە ژیانی (نالی) دا روویداوە.. نەگەراوەتەوە بۆ خاكی نیشتمان... وەكو باڵندەیەكی باڵ قرتێنراو و هێلانە تێكدراو بە دوای كونجێكی ئارامدا وێڵ و سەرگەردان بووە... جگە لە برینی وڵات و ئەشكەنجەی غوربەت و بەهرە و عیلمەكەی هیچی تری لە هەگبەدا نەبووە... نە لە شام و نە لە وڵاتی رۆم (ئەستەمبووڵ) ئۆقرەی نەگرتووە، رۆژ لە دوای رۆژ گڕ و گڵپەی شارەزووری زێد و نیشتمانی لە ناخی دا بە تینتر بووە... شەوقی (یاری سەنگدڵ) لە وێژدانیدا زیادی كردوە... بۆ حەسانەوەی دڵ و گیانی لە شەستەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا ، وڵاتی حیجازی هەڵبژاردووە بە تایبەتی (مەككە)، چونكە: (زایینگەی خێر و نیشینگەی سروش و قەرارگەی ئارامی و میعراجگەی دوایین پێغەمبەرە)[٢].

بەڵام ئایا لەوێ، لە (جیواری حەق)دا، گڕ و گڵپەی ئاگری دەروونی دامركاوەتەوە؟

لەم باسەدا بە بەڵگەوە دەسەلمێنین، بەلانی كەمەوە (نالی) چوار پێنج ساڵ، دوا قۆناغی تەمەنی لە شاری (مەككە)دا لای (عەبدوڵلا پاشای بن عۆن) بەسەر بردووە. ئەویش بەر لەوەی بڕیار بدات، بۆ دوا جار بگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبووڵ و لە ساڵی (١٨٧٣) دڵە ماندووەكەی لە لێدان بكەوێ و بەرەو دنیای جاویدانی هەنگاو هەڵێنێ.

لە ئامادەكردنی ئەم باسەدا، بە پلەی یەكەم بایەخ بەو سەرچاوانە دراوە كە هاوچەرخەكانی (نالی) نووسیویانە وەكو: پێشەكی باسەكەی (ئەلەكساندر خۆدزكۆ) سەبارەت بە دیالێكتی سلێمانی كە لە ساڵی (١٨٥٧)دا بە فەرەنسی بڵاو كراوەتەوە[٣]، هەروا ئەو زانیاریە بە نرخەی مێژوونووسی عەرەب "احمد بن محمد الحضراوی" (١٨٣٨-١٩٠٩) كە لە كتێبی (نزهة الفكر)دا سەبارەت بە لایەنێكی ژیانی (نالی) لە مەككەدا تۆمار كردوە[٤] [دەسنووسی ئەم كتێبە لە ساڵی ١٩٩٦ ساغ كراوەتەوە لە دیمشق لە چاپ دراوە]. وێڕای مەعلووماتەكانی

"محمد طاهر بورسەلی" لە کتێبی "عثمانلی مؤلفلری" کە تیایدا باسی گەڕانەوەی (نالی) لە حیجازەوە بۆ شاری ئەستەمبوڵ و مردنی دەسنیشان کراوە. [لە وتاری:(نالی ... هەندێ زانیاری تازە)دا تیشکێکمان خستۆتە سەر ئەو سەرچاوەیە(٥).]

ئاشکرایە لە پاڵ ئەو سەرچاوانەش چەندین سەرچاوەی تر لەم باسەدا سوودی لێ بینراوە، کە لە شوێنی خۆیاندا بە ئەمانەتەوە ئاماژەیان بۆ کراوە.

***

بەم بۆنەیەوە سوپاسی مامۆستا "فائزی مەلا بەکر" دەکەین کە کتێبی "نزهة الفكر.."ی خستە بەردەستمانەوە، بۆ ئەوەی راستەوخۆ سوودی لێ ببینین.. ئەوەی راستی بێ، مامۆستا فائز لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٨، بە عەرەبی وتارێکی بۆ بەرچاو خستنی ئەم سەرچاوەیە بڵاوکردبۆوە(٦).

***

ئومێدەوارین، ئەم باسە، ببێتە کەرەستەیەکی تر، بۆ پتر ئاشنا بوون بە ژیاننامە و شیعرەکانی (نالی).

لە خوای پەروەردەگار داواکارین، بۆ کردەوەی چاك و بەرهەمی بە کەڵك، لە پێناوی خزمەت کردنی کەلەپووری نەتەوایەتی کورد و کوردستان، پشت و پەنامان بێت. (و من الله التوفیق).

ساڵی (١٨٥٧) باسێکی بە ناونیشانی (لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی لە سەر زمانی کوردی - دیالێکتی سلێمانی) لە گۆڤاری ئاسیادا بڵاو کردۆتەوە[٧]، لە ماوەی ئەم سی ساڵەی دواییدا سەرنجی هەندێ مامۆستا و پسپۆڕی زمان و ئەدەبیاتی کوردی راکێشاوە، بۆتە هەوێنی راستکردنەوەی چەند هەڵەیەك سەبارەت بە هەندێ لایەنی ژیاننامەی نالی[٨]...

(خۆدزکۆ) لە پێشەکی باسەکەیدا، بەم جۆرەی خوارەوە لە (نالی) دواوە:

((زانایەکی بە ناوبانگی کورد، ئێستا لە شاری دیمشق لە سوریا دەژی، ناوی مەلا خدرە (مولا خضر Molla Hezir) بەڵام زیاتر بە ناوە ئەدەبیەکەی -واتە تەخەلوسی- نالی ئەفەندی (نعلي أفندی Neali Effendi) ناسراوە. ئەم زاتە بەهرە و توانای خۆی وەکو پسپۆڕێکی شارەزا بۆ دیراسە کردنی دیالێکتەکانی کوردستانی نیشتمانەکەی تەرخان کردوە، هەر والەمەوبەر کتێبێکی قەواعیدی زمانی عەرەبی بۆ کوردی تەرجەمە کردوە. ئەحمەد خان (مەبەستی ئەحمەد پاشای بابانە) کە دۆستی (نالی) ئەفەندیە، بەڵێنی دامێ -لە دەرفەتێکی لەباردا- بە سەرۆکی زمانەوانەکانی وڵاتەکەیم بناسێنێ(٩).))

(خۆدزکۆ) هەروەکو بۆ خۆی دانی پیا ناوە، لە ساڵانی (١٨٥٣-١٨٥٤) زانیاریەکانی لەم بارەیەوە لە شاری پاریس لە دوامیری بابان و دۆستی نزیکی نالی،

١. نالی بێجگە لە وەی، شاعیرێکی لێهاتوو و بەهرەمەندێکی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە، یەکێکیش بووە لە زمانەوانەکان، لە ڕێزمانی عەرەبیدا مامۆستا بووە. بە وەتەیەکی خەستتر (نالی) هەم شاعیر بووە هەم زانا.

٢. نالی لە ساڵانی (١٨٥٣-١٨٥٤) لە وڵاتی شامدا بووە، پێدەچێ قەسیدە بەناوبانگەکەی کە بریتیە لە (٤٣) بەیت و بەم بەیتە دەست پێدەکات:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور

ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور[١١]

لەو ماوەیەدا، لە (شامەوە) بۆ سلێمانی ڕەوانە کردبێ. چونکە عبدالرحمن بەگی ساحیبقڕان (سالم) (١٨٠٥-١٨٦٩) لە وەڵامەکەیدا دەڵێ:

بۆ مولکی شامە نامەکەم، سویی نالیە

هەر حەرفی ئەو لە وەزعی ویلایەت دەدا خەبەر[١٢]

هەروەها نالی، دوای ئەوەی لە قەسیدەکەیدا، شەرحی (دەردی غوربەت) و (سووتانی خانەیی سەبر) و بارودۆخی دەروونی خۆی کردوە، سەبارەت بە گەڕانەوە داوای ئامۆژگاری کردوە:

ئایا مەقامی روخسەتە لەم بەینە بێمەوە؟

یا مەسلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی صوور؟[١٣]

(سالم) لە جەواب نامەکەیدا، بەوپەڕی نەزاکەتەوە، داوای لێ کردوە کە نەگەڕێتەوە:

تو خوا بڵێ بە حەزرەتی (نالی) دەخیلی بم

بەم نەوعە قەت نەکا بە سولەیمانیا گوزەر

(سالم) سیفەت لە بێکەسیا با نەبێ هیلاك

من کردم و ئەو نەکا، لە غەما خوێنی خۆی هەدەر[١٤]

کەواتە (نالی) تا ئەو کاتە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ سلێمانی لە مێشکی دا پەنگی خواردبۆوە، بەڵام کە هەواڵی داگیر کردنی شاری سلێمانی بیستووە ناچار

کراوە بە شێوەیەکی کاتی لە شامدا بمێنێتەوە، بە هیوای ئەوەی بەڵکو باروودۆخی ولات ئاسایی دەبێتەوە...

کە وڵامەکەی پێگەیشتووە، بۆی روون بۆتەوە تازە کار لە کار ترازاوە.. ئیتر نائومێد بووە و وبە ناعیلاجی رووی لە ئەستەمبوول کردوە.

٣. بەر لە تێکچوونی ئەمارەتی بابان و کەوتنی پایتەختەکەیان ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی دەوڵەتی عوسمانی (١٨٤٨)، هەروا بەر لەوەی بچێ بۆ حەج، (نالی) خەریکی دیراسە کردنی دیالێکت و شێوەزارەکانی کوردی بووە، کتێبێکی لە مەڕ گرامێری زمانی عەرەبیەوە بۆ زمانی کوردی تەرجەمەکردوە. ئەم نوختەیە بە بۆچوونی ئێمە دوو واتای زۆر گرنگ دەبەخشێ:

یەکەم: پرۆژەی لێکۆڵینەوە لە دیالێکتکانی کوردی. وەکو ئامانجێکی ستراتیژی بە پێی نەخشەیەکی داڕێژراوو بە ئاگاداری ئەحمەد پاشاوە لە ئارادا بووە. ئەگەر ئەم بۆچوون و ئیپۆتیزە (فرضیە) راست بێ، بۆمان روون دەبێتەوە کە لە ناوچوونی ئەم ئەمارەتە، نەك هەر بە تەنها بووە هۆکاری لە دەست دانی تەختی ئەحمەد پاشا و دەربەدەر بوونی نالی، بەڵکو بووە هۆی تێك و پێك دانی کۆمەڵێك پرۆژەی رۆشنبیری و زانستی، کە زانا و رۆشنفیکرەکانی ئەو کاتەی کورد لە سەرووی هەموشیانەوە (نالی) بیریان لێ کردبۆوە و خەریکی ئەنجامدانی بوون...

دووەم: تەرجەمە کردنی کتێبێك سەبارەت بە (قەواعیدی عەرەبی) لەو قۆناغە مێژووییەدا نیشانەی ئەوەیە، پرۆژەی بە کوردی کردنی خوێندن لە مەدرەسەکانی ئەو سەردەمەدا تا رادەیەك بیری لێ کرابۆوە.

٤. لکاندنی سیفەتی ئەفەندی بە ناوی نالیەوە، بەڵگەیەکی تری پلەو پایەیەتی، لەو رۆژگارەدا ئەم سیفەتە بۆ رێز لێنان لە پیاو ماقوول و زانا و روناکبیران بە کار دەهات، هەروەکو لە لاپەڕەکانی داهاتووشدا دەبینین لە سەرچاوەیەکی عەرەبیش دووبارە بۆتەوە. ئەگەر بێت و بیر لە (حەزرەتی نالی)یەکەی

(سالم)یش بکەینەوە، پتر بە گەورەیی ئەو مرۆڤە لای زانا و شاعیر و رووناکبیرە هاوچەرخەکانی قەناعەت دەکەین.

٥. بەر لەوەی کۆتایی بەم لێدوانە دەربارەی قسەکانی (خۆدزکۆ) بهێنین، پێویستە بڵێین: لەوانەیە کەسانێك هەبن گومان لە بوونی کتێبە قەواعیدیەکەی (نالی) بکەن، چونکە نە ئەو کتێبە نە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە دیالێکتەکانی کوردی، تا ئەمڕۆ لەبەر دەستانین. ئێمە لەو بڕوایەداین، ڕۆژێك دێ، لە نامەخانەیەك یا خود لای یەکێك بدۆزرێتەوە. بەم بۆنەیەوە جێی خۆیەتی کەمێك لە بۆچوونەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەد سەبارەت بە کتێبی (قەواعیدی) (نالی) وردبینەوە، مامۆستا مەسعوود لە زاری مەلا محەمەد مەلا ئیبراهیم (دلاوەر)ەوە، دەگێڕتەوە کە ((لە نێوان فەقێیان سیپارەیەکی قەواعید بە هەڵبەستی کوردی نالییەوەنەقڵ دەکرا، هەموو مەبحەسی (حروف)ی کتێبی (شەرحی موغنی) تێدا بوو.[١٥]))

ئەم بەیتەشی بە میسال هێناوەتەوە:

گۆشتی قەڵەو حقە بە چواردە پارە
وەقتێ گوتت حقە ضمیر دیارە[١٦]

بۆ پتر سەلماندنی ئەو بۆچوونە، لە دیوانی دەسنووسی یاقووب ئاغای هەولێری کە لەساڵی (١٢٩١هـ/١٨٧٤ز)دا وەفاتی کردوە، چەند لاپەڕەیەك بۆ هەندێ شیعری شاعیران و هەندێ زاراوەی شیعری کلاسیکی تەرخان کراوە..

یەکێ لەو شیعرانەی کە یاقووب ئاغا نووسیویەتی و بە لایدا زۆر گرنگ بووە و تەرجەمەشی کردووە ئەو بەیتەی نالییە کە مامۆستا مەسعوود ئاماژەی بۆ کردوە. هەمان مەسەلی هێناوەتەوە سەبارەت بە قرتاندنی (ضمیرێك) لە رستەی: (البرّ و الکرّ بستین درهماً)، کە دەبوو بگوترێ (الکرّ منه). یاقووب ئاغا بەیتەکەی بەم شێوەیە نووسیوە:

... شێوەیە دەنووسرێ:

**گۆشتی قەڵەو حوقفە بە پازدە پارە**

**وەکی بڵێی حوقفە(ی) زەمیر دیارە**

پێمان وایە، ئەو بابەتە، خۆی لە خۆیدا، لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی گەرەکە.

*****

## ب- سەفەری دووەمی (نالی) بۆ (حیجاز)

١. لەم بەشەی باسەکەماندا، لە دووەمین سەفەری (نالی) بۆ وڵاتی حیجاز دەدوێین. چونکە بۆ جاری یەکەم، یەکسەر لە سلێمانیەوە بۆ (ئیفای حەج چووەتە حیجاز)، ئەمەیش لە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٨دا کە ڕەنگە ئەو کاتە لە تەمەنی پەنجا ساڵی دا بووە. لەم بارەیەوە مامۆستا مەسعوود محەمەد دەبێژێ: ((نالی کە سلێمانی بە جێ هێشت بۆ ئەو سەفەرە یەکجارەکیەی کە لێی نەگەڕاویەوە بەرەو مەفتەن، لە ماوەی دوو ساڵاندا حەجی کرد و بە دوا حەجدا لە شام مایەوە و ئەو جارە چوو بۆ ئەستەمبوڵ و لێی بوو بە میوان.))[١٨]

٢. بە پێویستی نازانین گفتوگۆ لە سەر بۆچوونەکانی مامۆستا علاءالدین سەجادی بکەین، بە تایبەتی ئەو مێژووانەی بە گوێرەی لێکدانەوەی تایبەتی خۆی، بێ ئەوەی پشت بە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو ببەستێ، تۆماری کردوون[١٩]. چونکە پێشتر رەخنەی لێ گیراوە و لێی کۆڵراوەتەوە و هەڵەکانی دەسنیشان کراون و تا ئەندازەیەکیش ڕاستکراونەتەوە.[٢٠]

٣. سەبارەت بە قۆناغی شام بە داخەوە زانیاریەکی ئەوتۆمان لەبەر دەستدانیە، جگە لە ئیشارەتەکەی خۆدزکۆ کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا لێی کۆڵرایەوە، هەروەها جگە لە هەندێ شیعری (نالی) بە تایبەتی قەسیدە مەشهوورەکەی:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

و چەند شیعرێکیتر کە لەبەر تیشکی لێکدانەوەدا روون بۆتەوە کە هی ئەو قۆناغەی ژیانی نالین (واتە هی قۆناغی شامن). سەبارەت بە دەستنیشان کردنی ساڵی ناردنی ئەو نامەیە، مامۆستا (فاتح عبدالکریم) هەندێ بۆچوونی تایبەتی هەیە.[٢١] بە هەر حاڵ ئەم بەشەی باسەکەمان بۆ سەفەری دووەمی (نالی) بۆ حیجاز تەرخان کراوە.

که مامۆستا مەسعوود محەمەد لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی هێمن و پشت بەستن بە شیعرەکانی (نالی) و بە بەڵگەی ئەوەی مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە لە سالی (١٢٨٨هـ-١٨٧١ز) لە حەج چاوی بە (نالی) کەوتووە، سەلماندی کە (نالی) پتر ژیاوە، لە سالی ١٨٥٦دا وەفاتی نەکردوە، ئاسۆیەکی تازە لە بەردەم شارەزایانی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی‌دا کرایەوە، بۆ ئەوەی پتر لەم مەسەلەیە بکۆڵنەوە.. چونکە تا ئەو کاتە وەکو دیاردەیەکی سەیر، ئەو هەڵەیە بەسەر نێوەندی رۆشنبیری کوردیدا سەپێنرابوو...

لە سالی (١٩٧٦)دا، مامۆستا مەلا عبدالكريمی مودەریس و خوالێخۆشبوو فاتح عبدالكريم، بە لێکدانەوە، دیوانی نالیان لە چاپ دا.. لە پێشەکییدا پشتگیریان لە بۆچوونەکەی مامۆستا مەسعوود کرد[٢٢]، پاشان هەندێ بەڵگەی باوەڕ پێکراو دۆزرایەوە کە (نالی) لە سالی (١٢٩٠هـ/١٨٧٣ز)دا گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمبووڵ و پاشی بەینێك کۆچی دوایی کردوە.[٢٣] کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە، (نالی) ئەو حەڤدە هەژدە سالەی ژیانی [ لە سالی (١٨٥٦)ەوە تا سالی (١٨٧٣)] چۆن بەسەر بردووە و لەگەڵ کێ هەڵس و کەوتی کردوە؟ و دەیان پرسیاری ئاوا...

خۆشبەختانە وەڵامی بەشێکی ئەو پرسیارانە، لە سەرچاوەیەکی عەرەبیدا، کە لەم دوایانەدا دۆزرایەوە دەست دەکەوێ[٢٤]..، ئەویش کتێبێکە بە ناونیشانی: (نزهة الفكر...) لە نووسینی (احمد بن محمد الحضراوي المكي الهاشمي)ە[٢٥].. ئەم زاتە هاوچەرخی (نالی) بووە و بە پێچەوانەی خۆدزکۆ ئەمەیان لە نزیکەوە (نالی) ناسیوە، هەندێ تێبینی وردی دەربارەی تۆمار کردوە. جا بەر لەوەی مەعلوماتەکانی سەبارەت بە نالییەوە بەرچاو بخەین و لێیان بکۆڵینەوە بە پێویستی دەزانین چەند دێرێك بۆ ناساندنی نووسەر تەرخان بکەین:

(احمد بن محمد الحضراوي المكي الهاشمي)، مێژوونووسێکی عەرەبە، لە سالی (١٢٥٢ه/١٨٣٦ز)، لە ئەسکەندەریەی میسر هاتۆتە دنیاوە، لە تەمەنی حەوت سالیدا لەگەڵ باوکیا چووە بۆ شاری مەککە، خراوەتە بەر خوێندن و پێگەیشتووە، لە بواری زانستی (حدیث)و (فیقە) و (مێژوو)دا پسپۆر بووە، جاروبار شیعری هۆنیوەتەوە.. میسر و شام و ئەستەمبوڵ گەڕاوە، ئاشنایەتی لەگەڵ زانایانی ئەو شارانەدا پەیدا کردوە. چەندین کتێبی داناوە،... لە سالی (١٣٢٧ه/١٩٠٩ز) لە شاری مەککەدا کۆچی دوایی کردوە.[٢٦]

کتێبی (نزهة الفكر) یەکێکە لە بەرهەمەکانی (الحضراوي) کە لە سالی (١٩٩٦)دا لە چاپدراوە.. کەواتە ئەگەر پسپۆڕانی دنیای نالی، پێشتر کەڵکیان لێ نەدیتبێ گلێییان لێ ناکرێ..

..................................................................

لە ژێر سەرناوی (الشيخ خضر افندي نالي الكردي) لە خانەی حەرفی (خ)دا نووسەر دەڵێ:

..................................................................

((ولد بالعراق بمدينة شهرزور، ثمَّ أخذَ في العلومِ و تحصيلها حتى برع في فنِ الأدب و علومِ اللغةِ، مُعظمٌ عند أهلِ الرتب، قدم مكة سنة نيف و ثمانين و مئتين و ألفٍ، و حظى بالقبول عند فضلائها، و امتدح امير مكة سيدنا الشريف عبدالله باشا بن عون، و كانت تجري المحاورات في مجلسه بينه و بين الشيخ الفاضل محمد محمودِ إبن التلاميد الشنقيطي و ربما طال البحث و الجد الى بينهما بحضرتهِ في كلمةٍ أو نحوها في علم اللغة و غيره، و له ملكة تامة في البحث في انساب العرب و محاوراتهم و اشعارهم، و الرجلَ صاحبَ فضل و علم، مع انكسار و شيبة بهية، و خمول، و له في سيرة سيدنا النبي صلى الله عليه و سلم نظم بديع من أول السيرة الى آخر خلافة سيدنا الحسن(!) و من جملة قصائده في سيدنا امير مكة المشرفة قوله:

ازعجتني مزعاج سكنى انزواء

و دعتنى الى مخاض الفناء..[٢٧]

..................................................................

لەم شوێنەدا دەرفەتی ئەوەمان نیە لە قەسیدەکەی (نالی) کە بریتییە لە (١١٦) بەیت و بۆ یەکەمین جار لەو سەرچاوەیەدا بڵاوبۆتەوە، ورد بینەوە،

چونکە ئەم کارە ئەدەبیە خۆی لە خۆیدا پێویست بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی دەکات.

شێوەی ئاخافتنی حەزراوی وا دەردەخات کە لە نزیکەوە (نالی) ناسیوە، وەکو شاهید عەیانێك لێی دواوە... وەکوو بڵێی، لە دیوەخانی شەریفی مەککەدا بە خزمەتی گەیشتبێ و ئاگاداری گفتوگۆیە زمانەوانیەکانی بووبێ. چونکە هەر وەکو بینیمان، حەزراوی بەخۆیشی پیاوێکی خوێندەوار و زانا بووە... ئەو رستە و دەستەواژە و تەعبیر و زاراوانەی لە پێناسە کردنی نالیدا بە کاری هێناون، ورد و پوختە و واتادارن.

ئەلحەزراوی دوای ئەوەی ئاماژە بۆ پسپۆڕی (نالی) لە بواری (هونەری ئەدەب و زانستەکانی زماندا کردوە، یەکسەر گوتویە: شکۆدارە لای پلەداران (مُعَظّمٌ عندِ أهلِ الرُتَبِ).. بە هەر حاڵ، چەند نوختەیەکی گرنگ هەیە پێویست بە لێدوان دەکات:

١. سەبارەت بە دەست نیشان کردنی ساڵی هاتنی (نالی) بۆ مەککە:

ئەلحەزراوی دەبێژێ: قدم مكة سنة نيف و ثمانين و مئتين و الف واتە [ لە ساڵی هەزار و دوسەد و هەشتاو (ئەوەندە) / (نیف[٢٨])] هاتە مەککە، واتە لە نێوان ساڵانی (١٢٨٠ و ١٢٩٠ھ) کە بە پێی ساڵنامەی میلادی (١٨٦٣-١٨٧٣)[٢٩] دەگرێتەوە.

گرفتی گەورە لەوەدایە، نووسەر ساڵی چوونی (نالی) بۆ مەککە بە وردی دیاری نەکردوە. لە نێوان ساڵانی (١٨٦٣و١٨٧٣)دا هێشتیتیەوە. ئێمە دەزانین (نالی) لە ساڵی (١٢٩٠ھ) کە دەکاتە (١٨٧٣ز)، گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمبووڵ (هەر وەکو لە کتێبی عثمانلی مؤلفلری باسی لێوەکراوە)[٣٠].

پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین، ساڵەکە دەستنیشان بکەین؟، بۆ چی حەزراوی ئەم کەلێنەی هێشتۆتەوە؟

بە بۆچوونی ئێمە (نالی) کە بۆ دووەمین جار چووە بۆ مەککە ڕەنگە حەزراوی لەوێدا نەبووە، چونکە لە ساڵانی (١٢٨٢-١٢٨٣ھ) واتە (١٨٦٥-١٨٦٦ز)

ئەحەزراوی لە شامدا بووە [بڕوانە نزهة الفكر ص٧]، لە ساڵانی (١٢٨٤-١٢٨٥ك = ١٨٦٧-١٨٦٨ز) لە میسر بووە [بڕوانە نزهة الفكر ص٤٦ و ١٧٤].

بەم پێیە، دەبێ (نالی) لە نێوان ساڵانی ١٢٨٢-١٢٨٥ك (١٨٦٥-١٨٦٨ز) رووی لە مەککە کردبێ، واتە لەو کاتەی (ئەحەزراوی) لەوێ نەبووە. ئەگەر بمانەوێ وردتر بین، بە مەزەندە دەبێ بڵێین لە ساڵی (١٢٨٥ك)، (١٨٦٨ز) بۆ دووەمین جار چووە بۆ مەککە و دوای سێ ساڵ مەلا عەبدوڵلای (نالی) جەلیزادە لەوێ چاوی پێ کەوتووە. بەم پێیە، دەبێ چوار پێنج ساڵ لە مەککەدا ژیانی بە سەر بردبێ، [تا سەرەتای ساڵی (١٨٧٣ز).]

٢. بۆ پتر ئاشنا بوون بە پلە و پایەی ئەو کەسانەی کە (نالی) ناسیویانی و ماوەیەکی ژیانی لە گەڵیانا بەسەر بردوە، پێویستە هەڵوەستەیەك لە ئاست ئەو دوو کەسایەتیەدا بکەین کە (حەزراوی) لەگەڵ (نالی) دا باسی کردون واتە (عەبدوڵلا پاشای بن عوّن و ئەلشینقیتی).



یەکەم: (عەبدوڵلا پاشای بن عوّن) (١٨٧٧-١٨٢١):

ناوی عەبدوڵلا پاشا بن محەممەد بن عبدالمعین ئیبن عوّنە، یەکێکە لە ئەمیرەکانی مەککە، لە ساڵی (١٢٣٧ك/١٨٢١ز) لە مەککە لە دایك بووە، ماوەیەك لە ئەستەمبوڵ ژیاوە، گەیشتۆتە پلەی وەزارەت. دوای وەفاتی باوکی لە ساڵی (١٢٧٤ك/١٨٥٧ز) فەرمانڕەوایی ئەمارەتی مەککەی پێسپێردراوە. تا لە ساڵی (١٢٩٤ك/١٨٧٧ز) لە شاری (تائیف) کۆچی دوایی کردوە.. مامی (ئەحوسەین

بن عەلی)ە (١٨٥٤-١٩٣١)[*]. پێدەچێ پیاوێکی ڕۆشنفکر و زانـا و هۆشمەند و بەخشندە بوو بێ، ئەگینا زانا و شاعیرێکی وەکو (نالی) لێی میوان نەدەبوو و ئەو قەسیدە درێژ و پڕ لە هونەرە جوانکارییەی پێشکەش نەدەکرد.

دووەم: (الشنقیطی) (...-١٩٠٤ وەفاتی کردوە)

(محمد محمود بن احمد الترکزی الشنقیطی): لە بواری زمان و ئەدەبدا عەللامەی زەمانی خۆی بووە، جاروبار شیعری هۆنیوەتەوە، بەرەچەڵەك ئەمەوییە، باوکی بە (التلامید) مەشهوور بووە (کە تەسحیفی -التلامیذ-ە)، بە (ابن التلامید) ناوی ڕۆیشتوە. لە (شنقیط) (مۆریتانیا) لـە دایـك بـووە... ماوەیـەك لـە میسـر و پاشان لە مەککە نیشتەجێ بووە، بە هۆی عیلمەکەیەوە شەریف عەبدوڵلا بن عۆنی ئەمیری مەککە لە خۆی نزیکی کردۆتەوە. دانەری کتێبی (الوسیط في تراجم أدباء شنقیط) دەڵێ: (شەریفی مەککە لە نێوان شـنقیتی و زانایـانی مەککـەدا نـاکۆکی بەرپا دەکرد تا رق و کینەیـەکی تەواولـە نێوانیـاندا تەشـەنەی کـرد.) حکوومـەتی ئەستەمبووڵ ڕەوانەی ئیسپانیای کرد بۆ دیاریکردنی ئـەو دەسنووسـە عەرەبیانـەی کە لە کتێبخانەکانی ئەستەمبووڵدا نوسـخەیان نیـە... ئـەم کـارەی ئـەنجامدا، بـەڵام بەرلەوەی ڕاپۆرتەکەیانی بداتێ، داوای پاداشتی کردبوو، کە سستیان لـە ئاستیدا نواند، ڕاپۆرتەکەی لای خۆی گلدایـەوە و سـەفەری کـرد بـۆ (مەدینـە)، دانـووی لەگەڵ زانایانی ئەوێ نەکوڵایەوە، داوای دوور خستنەوەیان کرد، چووە میسر و بووە میوانی (محمد توفیق البکري) نەقیبی ئەشرافەکانی میسر[31]، لە ئەندازە بەدەر ڕێزی لێ گرت و داوای لێ کرد بـۆ دانـانی کتێبـی (أراجیز العرب[32]) یارمـەتی بدات. کە کتێبەکە بە ناوی (البکری)یەوە لە چاپدرا، (شنقیطی) توورە بوو چونکـە ناوی لەسەر کتێبەکەدا نەنووسرابوو.. لێـك جیـا بوونـەوە، کێشـەکەیان گـەیشتە بەردەم دادگا.. ئاشنایەتی لەگـەڵ (محەمـەد عـەبدە[33]) پـەیدا کـرد کـە لـە ئاستی خۆیەوە هەوڵی بۆ داو مووچەیەکی بۆ (شنقیطی ) دابین کرد، تـا وەفـاتی لـە سـاڵی ١٩٠٤دا لە قاهیرە مایەوە. ئەمەش ناوی هەندێ دانراوەکانیەتی: (الحماسة السنیة

في الرحلة العلمية) "چاپكراوه"، (عذب المنـــهل) "دەسنووس"، (احقـاق الحـق) ...هتد[٣٤].

٣. ئەو سێ زاتەی لە سەرەوەدا باسمان كرد، واتە عەبدوڵڵای پاشای شەریفی مەككە، شنقیتی، حەزراوی، هەر یەكێكیان لەو سەردەمانەدا ئەستێرەیەكی پڕشنگدار بوون، خاوەن پلە و پایە بوون.. نالیش لە پاڵ ئەواندا، شوێنێكی زۆر تایبەتی هەبووە.. ئەم نوختەیەش بە لایەنێكی تری كەسایەتی نالیمان ئاشنا دەكا..

دیارە (نالی) لە سایەی عیلم و زیرەكی و بەهرەكانیدا گەیشتبووە ئەو پلەیە، نەك لە بەر هیچ هۆیەكی تر..!

٤- (حەزراوی) دەڵێ: (و كانت له مَلَكَةٌ تامة في أنساب العرب و محاوراتهم و أشعارهم..) پێشتریش گوتبووی: (برع في فن الادب و علوم اللغة) هەروا لەو گفتوگۆ زانستیانەی نێوان (نالی) و (شنقیطی) لە بواری زمانەوانیدا دوابوو. كە واتە ئەو نالیەی ئێمە بە دامەزرێنەری قوتابخانەیەكی شیعری لە مێژووی ...ئەو نالیەی كە لە دیالێكتەكانی كوردی

[ ل:١٦٥]، هەروا کە باسی (الشیخ ابراهیم السقا) دەکات، دەڵێ: (ذو شیبة بـهیّة..) [ ل:٤٤].

ئەگەرچی (انکسار) لە قامووسـدا بـە واتـای (فتور) واتـە سستی و ساردی هاتووە، بەڵام پێدەچێ مەبەستی ئـەوە بێ کـە مرۆڤێکی هێمن و لەسـەرە خۆیـە، لەوانەیە بە مانای زوهدیش هاتبێ. چونکە هەندێ نووسەر لە سـەدەی نۆزدەهـەمدا (زهد و انکسار)یان بە یەکەوە دەلکاند.

هەر چۆنێ بێ (نالی) پیرێکی موشەککەل و سەنگین و هێمن و لەسـەرەخۆ و رێك و پێك بووە!

٦. قەسیدە عەرەبیەکەی (نالی) کە تیایدا، ستایشـی شـەریف عـەبدوڵڵا پاشـا بـن عۆنـی کـردوە، مەدحیـەکی ئاسایی نیـە.. درێژترین قـەسیدەی نالیشـە، (هیوادارین لە دەرفەتێکی تردا لێیبکۆڵرێتەوە.)

٧. (حەزراوی) ئاماژە بۆ هۆنراوەیەکی (نالی) لە سیرەی پێغەمبـەرا (د.خ) دەکـات و دەڵێ: (و له في سیدنا النبي (ص) نظمُ بدیع من أوّل السیرة الی آخر خلافـة سیدنا الحسن..) حەزراوی پێی نەوتین بە چ زمـانێك (نـالی) ئـەو هۆنراوەیـەی نووسیوە!.. ئایا مەبەستی قەسیدە کوردیە (٧٤) حەفتاوچوار بەیتەکەی نالیـە کە بەم بەیتە دەست پێ دەکات؟

ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا، هەتا کەی حیرسی وێرانە؟
لە گەڵ ئەم عیشق بازانە، برۆ، ئازانە، بازانە..[٣٥]

ئەگەر مەبەستی ئەو قەسیدەیە بووبێ، پێویستە بڵێین، (نـالی) تیـایدا بـە هیـچ کلۆجێك باسی خەلافەتی (سیدنا الحسن)ی نەکردوە. تەنیا لـە بـەیتی ١٦٧دا نـاوی چوار خەلیفەکانی پێغەمبەری (د.خ) هێناوە:

لە گەڵ ئاڵ و لە گەڵ صەحبی خصوصەن چوار یاری دین
ئەبووبەکر و عومەر، عوسمان و حەیدەر شێری یەزدانە[٣٦]

بەڵگەشمان بە دەستەوە نیە کـە (نـالی) حەسـەنی کـوری عـەلی بـن ئـەبی تـالبی (رض) لە شیعرە کوردیەکانیدا بە خەلیفەی پێنجەم دانابێ[٣٧].

گومانی تێدا نیە (حەزراوی) بۆ رازی کردنی (عەبدوڵڵا پاشا بن عۆن)ی
ریفی مەککە ئەو قسەیەی کردوە، چونکە عەبدوڵڵا نەوەزای حەسەنی کوڕی
لی بن ئەبی تاڵبە.

مادامەکی پێشتر (حەزراوی) لەقەبی (الكُردي) بە ناوی نالیەوە رەوا دیتبوو،
ەدی بۆ چی نەیگۆتبوو قەسیدەکەی (نالی) لە مەڕ سیرەتی پێغەمبەر (د.خ)،
قەسیدەیەکی کوردییە؟! خۆ ئەگەر بیگۆتایە کوردیە، هیچ باج و سەرانەیەکی
نەدەدا!!

٧. بە بۆچوونی ئێمە، نەك هەر بە تەنیا قەسیدە ناودارەکەی (نالی) کە لە قالبی
((مستزاد))دا گوتویەتی:

ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادە و کەوتووم

تا ماوە حەیاتم

دەستێ بدەرە دەستی شکەستەم کە بەسەر چووم

قوربانی وەفاتم[٣٨]

هی ئەم قۆناغەی ژیانیەتی، واتە لە تەمەنی پیریدا لە دووەمین سەفەری بۆ
وڵاتی حیجاز هۆنراوەتەوە، بەڵکو هۆنراوە مەشهوورەکەی تریشی[٣٩] کە بەم بەیتە
دەست پێدەکات هی ئەم قۆناغەیە:

وەی کە روو زەردی مەدینە و رووسیاهی مەککە خۆم

دەرکراو و دەربەدەر، یارەب دەخیلی عەفوی تۆم[٤٠]

مامۆستا مەسعوود عەینی بۆچوونی هەیە[٤١]. پێدەچێ (نالی) دوای سێ چوار
ساڵ مانەوە لە مەککەو لە زیافەتخانەی (عەبدوڵڵا پاشای بن عۆن)دا، تەواو هەستی
بە بێزاری کردبێ، کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ (خەرمانەی رۆم[٤٢]) لە سەری دابێ،
دیارە ئەگەر پێشتر لە ئەستەمبوڵ نەژیابا، لە نزیکەوە شارەزای ژیانی ئەوێ
نەبوایە، هەر بە خەیاڵیشیا نەدەهات، باسی (خۆشە چینی دانەیی خەرمانەی رۆم)
بکات.. ئەگەر شیعرەکە هی قۆناغی سەفەری یەکەمی بوایە، باسی (شارەزوورە
خۆشەویستەکەی و (عەنبەری سارای خاك و خۆڵی) دەکرد[٤٣]..

## ج - گەڕانەوەی (نالی) بۆ ئەستەمبووڵ و وەفاتی

سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی‌تر کە تیایدا باسی (نالی) کراوە، کتێبێکی تورکی‌یە بە ناونیشانی (عثمانلی مؤلفلـــری)، ناوی دانەرەکەی (محمد تاهیر بورسەلی)٥، تیایدا بەم چەشنەی خوارەوە لە (نالی) دواوە:

(نالی، مەلا خدر Mollah Hizer (١٢٩٠ھ/١٨٧٣ز)

"لە گوندێکی سەر بە سلێمانی چاوی بە ژیان هەڵێناوە، لە شاری سلێمانی و بازێری قەرەداغ خوێندن و تەحسیلی تەواو کردوە، بە زمانی کوردی دیوانێکی تەواوی هەیە، بە سێ زمانیش (٤٤). شیعری ئەوەندە رەنگینی هەیە کە بە هونەرەکانی جوانکاری رازاونەتەوە، لە ساڵی (١٢٩٠ھ)دا لە حەجی شەریف گەڕایەوە، ئەو ماوەی لە ئەستەمبووڵ مایەوە، بەوپەڕی رێز و شکۆداریەوە زاناو شاعیرانی ئەستەمبووڵ روویان تێدەکرد. پاش بەینێك وەفاتی کرد و لە گۆڕستانی (قاراجا احمد) Karaca Ahmed تەرمەکەی بە خاك سپێردرا..

ئەمەش پارچەییێکە لە شیعرە بەرز و بە تامەکانی:

گاهی تسبیح و گەه بادە
گاهی نقشی رخی سادە

سنگ درد نلە دنیادە
نلر چکتم، نلر چکتم ..)) (٤٥)

ئەم مەعلووماتانە بە تەواو کەری، مەعلووماتەکانی کتێبی (نزهـة الفکـر) دەژمێردرێ، لە وێدا، باس لە پلە و پایەی ئەدەبی و زانستی (نالی) لە مەککەدا کرا بوو، قەسیدەیەکی ١١٦ بەیتی بە عەرەبی بڵاو کرابۆوە، کە لە سەرجەم دیوانە چاپکراوەکانی دا نیە، لەم سەرچاوەیەشدا، باس لە پلەو پایەی ئەدەبی و زانستی (نالی) لە ئەستەمبوولی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیدا کراوە، کە چۆن بەو شکۆداریە پێشوازی لێکراوە و رێزی لێ گیراوە و رووی تێکراوە، هەروا باسی دیوانە کوردیە بێ کەم و کورتیەکەی کراوە، دوو بەیتی شیعری تورکیش بڵاو کراوەتەوە کە لە دیوانە چاپکراوەکانی دا بەرچاو ناکەون، لە مەش زیاتر ساڵی

تیامردن و ناوی ئەو گۆڕستانەی کە تیایدا نێـژراوە دەست نیشان کراوە.. بەم هۆیەوە دەتوانرێ بێ خۆ ماندوو کردن، چەند هەڵەیەکی زەق راستبکرێنەوە بۆ ئەوەی چیتر لە نووسینەکانماندا دووبارە نەبێتەوە.!

*****

## د - (نالی) و ئەنجومەنی ئەدیبان (١٣٣٩هـ - ١٩٢٠ز)

بۆ ئەوەی بگەینە سەرئەنجامێکی ماقووڵ و رێك و پێك، پێویستە چەند دێڕێك بۆ کۆنترین سەرچاوەی چاپکراوی کوردی تەرخان بکەین، کە تیایدا باسی (نالی) کراوە.. ئەویش کتێبەکەی میری ئالای توپچی (ئەمین فەیزی بەگ)ە. ئەمین فەیزی (١٨٦١-١٩٢٩) لە کتێبی (انجمن ادیبان)دا، بەم شێوەیە لە (نالی) دواوە:

"نالی: خەڵقی دێیەکە لە شارەزوور کە واقیع بووە لە تەرەفی شەرقی سلێمانی، ئیسمی خاك و خۆڵە..مەرحووم تەحسیلی لە قەرەداغ و لە سلێمانیدا ئیکمال کردوە، قەرەداغ شەش سەعات دوورە لە سلێمانیەوە..

نالی بۆ ئیفای حەج چووەتە حیجاز. لەوێ دەرحەقی حەزرەتی فەخری رەسوول قەسیدەیەکی موکەمەل و موطەوەلی نەزم کردوە.

چووەتە ئەستەموول، لە ئەسنای سوحبەتا لە گەڵ ئودەبا و فوزەلای ئەوێ، گەلێ ئاساری فیکری و فەتانەتی نواندوە و زۆر مەزهەری تەوەجووه بووە. تا نیهایەتی عومری لە ئەستەموولا ماوەتەوە، مەدفەنی موبارەکی ئەوەتا لە ئەسکودارە.

زەکای (نالی) ئینکار ناکرێ. لاکین ئەوەندە سەناییعی لەفزییەی (لفظیة)ی ئیستیعمال کردوە، پیاو رەنگە بڵێ: شیعری ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشتیغالە."[٤٦]

بەو پێیەی ئەمین فەیزی کوردە ، خەڵکی سلێمانی بووە، لە بەغدا و ئەستەمبووڵ و شام و حیجازدا ژیاوە، ئەو ماوەیەی کە لە بەغدا پلەیەکی عەسکەری بەرزی هەبووە، دۆستی شاعیری (ئاتەش زبان) شێخ رزای تاڵەبانی (١٨٣٥-١٩١٠) بووە.. چونکە شێخ رەزا دە ساڵی دوا قۆناغی ژیانی (١٩٠٠-١٩١٠) لە بەغدا پۆست نشینی تەکیە قادری بووە[٤٧]، هەروا بەو پێیەی مرۆڤێکی رۆشنفکر و شاعیر بووە، تا ئەندازەیەکیش لە سەردەمی (نالی) نزیك بووە، بەڵێ لە بەر ئەو هۆکارانە دەبوو مەعلوماتی وردتر و دروستر بێ. دیار

تا ڕادەیەك نیشانەی پێکاوە، بەڵام ئێمە مەعلووماتی ووردتر و بە پێزترمان لێی چاوەڕوان دەکرد.

ئەمین فەیزی باسی دووەمین سەفەری (نالی) بۆ حەج نەکردوە، ناوی هیچ زانا و شاعیرێکی نەبردووە کە لە ئەستەمبوولا گفتوگۆیان لە گەڵ نالیدا کردوە. ساڵی تیا مردنیشی دەسنیشان نەکردوە، هەروا بە هیچ کلۆجێك توخنی بەیەك گەیشتنەوەی (نالی) و ئەحمەد پاشای بابان لە ئەستەمبووڵ نەکەوتووە. کەچی هەر دوو هۆنراوەکەی (نالی) بڵاو کردۆتەوە کە یەکێکیان بە بۆنەی وەفاتی سلێمان پاشا و دانیشتنی ئەحمەد پاشای کوڕی لە شوێنی دایەو ئەوی تر لە وەسفی عەسکەری ئەحمەد پاشادا وتراوە[٤٨].

ئەو نوختەیەش ئەوە دەگەیەنێ، کە پیاو پتر گومان لەو قسانە پەیدا بکات کە باسی ڕابواردنی نالیان کردوە لە دیوەخانی ئەحمەد پاشا لە ئەستەمبووڵدا! کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کراوە.

قسەکانی ئەمین فەیزی، لە چوارچێوە گشتیەکەیدا، زۆر نزیکن لەو زانیاریانەی کە لە سەرچاوەکانی پێشتر تۆمار کراون.

کەواتە هەرچی هەڵە و ناتەواوی سەبارەت بە ژیاننامەی نالیەوە سەری دیوانەکەی لە ساڵی ١٩٣١ لە بەغدا هاتۆتە ... یەکەمی ...

## ئەنجام:

ئامانجی سەرەکی هەموو توێژینەوەیەکی زانستی، پەردە هەڵدانە لە سەر رووی راستی، گەیشتنە بە ئەنجامی بە کەڵك و سوود بەخش، راستکردنەوەی هەڵە و ناتەواویەکانە. بە داخەوە پەیرەو نەکردنی ئەو وردە کاریەی کە پێویستە لە کاتی لێکۆڵینەوەی زانستیدا لە بەر چاو بگیرێ، بۆتە هۆی شێواندنی چەند لایەنێکی ژیاننامەی نالی، لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەبەر تیشکی گفتوگۆیەکی هێمن و ورد بوونەوە لە چەند سەرچاوەیەکی متمانە پێکراو ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان وەدەست هێناوە:

### یەکەم:

١. لە دەوروبەری ساڵی (١٨٤٨)، (نالی) سلێمانی بە جێ دێڵێ و دەچێ بۆ حەج، ئەم سەفەرەی بۆ حیجاز بە لانی کەمەوە دوو ساڵی خایاندوە. قەسیدە بە ناوبانگەکەی کە (٧٤) بەیتە:

ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتا کەی حیرسی وێرانە

لەگەڵ ئەم عیشقبازانە، برۆ ئازانە، بازانە

لەم سەفەرەیدا هۆنیوەتەوە.

٢. لە ساڵی (١٨٥٠) تا کۆتایی ساڵی (١٨٥٤)، (نالی) لە شامدا بووە. قەسیدەکەی کە (٤٣) بەیتە لەو قۆناغەدا رەوانەی سلێمانی کردوە:

قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆش مروور

ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

٣. لە ساڵی (١٨٥٥)ەوە تا دەوروبەری ساڵی (١٨٦٥) (نالی) لە ئەستەمبوڵ گیرساوەتەوە، بە هۆی بلیمەتی و عیلم و بەهرەکەیەوە، کەوتۆتە بەر چاوان، ناوبانگی دەرکردوە.

پێدەچێ بۆ ماوەیەکی کەم (کۆتایی ساڵی ١٨٥٤) تا سەرەتای ساڵی (١٨٥٥) بە ئەحمەد پاشای بابان گەیشتبێتەوە، بەڵام ئەم نوختەیە پێویست بە بەڵگە دەکات.

... شەریفی مەککە (عەبدوڵڵا پاشا بن عۆن) ژیاوە. لای زانا و پیاوە ناودارەکان رێز و تەقدیری هەبووە.

... ی (١٨٧١) (نالی) لە حیجاز لەم سەفەرەیدا، قەسیدەیەکی (١١٦) بەیتی بە عەرەبی لە ستایشی (عەبدوڵڵا پاشا بن عۆن)دا نووسیوە. هەر وا ئەم دوو هۆنراوەیەشی هی ئەو قۆناغەن:

أ- ئەی تازە جەوان! پیرم و ئوفتادەو و کەوتووم

تا ماوە حەیاتم

ب- وەی کە روو زەردی مەدینە و روو سیاهی مەککە خۆم

دەرکراوو و دەربەدەر، یارەب دەخیلی عەفوی تۆم

٥. نالی لە کۆتایی ساڵی (١٨٧٢) و سەرەتای (١٨٧٣) گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمبووڵ و بە گەرمی لە لایەن زانا و شاعیرانەوە پێشوازی لێ کراوە.

٦. نالی لە کۆتایی ساڵی (١٨٧٣) لە شاری ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردوە. لە گۆڕستانی (قەراجا ئەحمەد) لە بەشی ئاسایی ئەو شارە تەرمەکەی بە خاك سپێردراوە. نەك لە گۆڕستانی (ابو ایوب الانصاري) کە لە هەندێ سەرچاوەدا بە هەڵە تۆمار کراوە.

<u>دووەم:</u>

٧. نالی مرۆڤێکی هێمن و سەنگین و لەسەرەخۆ و موسڵمانێکی رێك و پێك و پیرێکی بە هەیبەت و جوان بووە.

٨. لە پاڵ ئەوەی شاعیرێکی بەهرەمەند و بە توانا بووە، یەکێکیش بووە لە زانا و شارەزایانی زمان و ئەدەبیات، پسپۆڕێکی لێهاتوو بووە لە بواری زمانی کوردی و عەرەبی و رەچەڵەك شوناسیدا، فارسی و تورکیشی زانیوە و شیعریشی بەو دوو زمانە هەیە.

٩. جگە لەو شیعرانەی لە دیوانە چاپکراوەکانیدا بڵاوکراونەتەوە، کۆمەڵێک شیعری بە عەرەبی و تورکی هەیە کە پێویستە لە دیوانەکەیدا جێگەی خۆیان بکەنەوە.

١٠. بەر لە دەرچوونی لە کوردستان، نالی سیپارەیەکی دەربارەی قەواعیدی زمانی عەرەبی بە هۆنراوە بۆ کوردی تەرجەمە کردوە. هەروا خەریکی دیراسە کردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بووە. بەڵام لە ناوچوونی ئەمارەتی بابان، بۆتە هۆی تێکچوونی ئەم پرۆژەیە.

***

## پەراوێزەکان

(١) بە گوێرەی ئاگاداری ئێمە، لە ساڵی (١٩٣١)ەوە تا ساڵی (١٩٧٧) شەش جار دیوانی (نالی) لە چاپدراوە.

(٢) ئەو رستەیە تەرجەمەی بەیتێکی عەرەبی نالیە، کە لە قەسیدەیەکی درێژدا بۆ شەریفی مەککە هۆنراوەتەوە، ئەمەش دەقی بەیتەکەیە:

مولد الخیر، مهبط الوحي، مثوی الامـ..

ن، مـعـراج خـاتم الانـبـیاء

(3) A. CHODZKO : Etudes philologiques sur la longue kurde. "Dialecte de Solemanie), Juornal Asiatique, N$^0$4.(1857).

ئێمە سوودمان لە نوسخەی (کتێبخانەی زمانە رۆژهەڵاتیەکانی پاریس) وەرگرتووە، کە لە (J.As.) دەرهێنراوە و بریتیە لە ٦٠ لاپەڕە.

بەر لە ئێمە ئەو مامۆستایانەی خوارەوە کەڵکیان لەم سەرچاوەیە بینیوە و باسیان کردوە:

أ. دکتۆر مارف خەزنەدار، لە وتارێکی لە ساڵی ١٩٧٦ڵی دواوە. [ بڕوانە: گۆڤاری رۆژی کوردستان ژمارە "٢٤" بـەغدا -١٩٧٦- ل(٣٤-٣٩)]، هەروا پێشەکی باسەکەی خۆدزکۆی تەرجەمەی عەرەبی کردووە [ بڕوانە: الدکتور معروف خزندار: مخطوطات فریدة و مطبوعات نادرة، بغداد١٩٧٨، ص(٦٠-٦٦) ].

ب.مامۆستا مسعود محمد لە چەند شوێنێکی کتێبی (چەپکێك لە گوڵزاری نالی)دا بۆ راستکردنەوەی هەندێ هەڵە سەبارەت بە ژیاننامەی (نالی) وەکو سەرچاوە بە کاری هێناوە. [ بڕوانە مسعود محمد: "چەپکێك لە گوڵزاری نالی" چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦، ل(سی‌ویەك و سی‌ودوو)، (سی‌وحەوت و سی‌وهەشت).]

سالی ١٩٧٦ سوودی لێ بینراوە. [ بڕوانە:

ج. لە پێشەکی چاپی (دیوانی نالی) ساڵی ١٩٧٦ سوودی لێ بینراوە. [ بڕوانە: "مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی میکائیلی" لێکۆڵینەوە و دیوانی (نالی) لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم.. محمدی مەلا کریم پیا چۆتەوە" چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد -بەغدا- ١٩٧٦، ل(٢٩-٣٠)]

(٤) احمد بن محمد الحضراوى المكي الهاشمي: (نزهة الفكر فيما مضى من الحوادث و العبر في تراجم رجال القرن الثاني عشر و الثالث عشر). (قطعة منه)، القسم الاول (ا-ز)، حققه محمد المصري، منشورات وزارة الثقافة في الجمهورية العربية السورية، دمشق ١٩٩٦، ص(٣٥٧-٣٦٩).

(٥) دكتور عبدالله محمد حەداد: (نالی)... هەندێ زانیاری تازە" گۆڤاری کاروان ژمارە (٨٠) تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٩، هەولێر-١٩٨٩، ل(٣١-٣٥).

(٦) فائز الملابكر: معلومات عن نالى، شيخ شعراء الكوردو قصيدة طويلة له بلغة الناطقين بالضاد، مجلة "گولان العربي" العدد(٢٧). اربيل ٢٧/آب/١٩٩٨، ص(١٦٥-١٦٨)

(7) A. CHODZKO, OP. Cit.

(٨) بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٣).

(9) A. CHODZKO, OP. cit, p.2

(١٠) ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابان، دوا میری بابانەکانە، دوای مردنی باوکی لە ساڵی ١٢٥٤ھ (١٨٣٨) گەیشتۆتە پلەی پاشایەتی میرنشینی بابان، لە ساڵی ١٢٦٤ھ (١٨٤٧-١٨٤٨ز) لەشکرەکەی لەبەردەم لەشکری والی بەغدا (نەجیب پاشا) تێکشکاوە ماوەیەك دەربەدەر بووە، پاشان چووەتە ئەستەمبوڵ، لە ساڵی ١٢٧٢ھ (١٨٥٥ز) بە پلەی میری میران کراوە بە (والی) یەمەن، تا ساڵی ١٢٨٠ھ) (١٨٦٣ز) پاشان بووە بە والی وان (Van) ، دوای ساڵێك بە پلەی (وەزیر) بووە والی یەمەن. لە ساڵی ١٢٨٤ھ (١٨٦٧ز) بووە والی ئەرزەڕووم،

دوای ساڵێك دەستی لە پۆستەکەی کێشاوەتەوە، لە ساڵی ١٢٩٢ھ (١٨٧٤-١٨٧٥) بووە بە والی ئەدەنە (اطنة) و لەوێ کۆچی دوایی کردوە. بڕوانە: محمد امین زکی: تاريخ السليمانيه و أنحائها، (نقله الى العربيه محمد جميل بندى رۆژبەیانی) بغداد ١٩٥٢- ص(٢٤٠-٢٤١).

ئەحمەد پاشا دۆست و هاوڕێی (نالی) بووە، بە بۆنەی کۆچی دوایی سلیمان پاشای باوکی و دانیشتنی لە سەر تەختی ئەمارەتی بابان، (نالی) شیعرێکی بەرزی پێشکەش کردوە:

تا فەلەك دەوری نەدا، سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو

کەوکەبی میهری موبارەك تەلعەتی پەیدا نەبوو

[ بڕوانە: أمين فيضى: أنجمن أديبان، استمول، ١٣٣٩، ل٣٥].

لە ساڵانی (١٨٥٣-١٨٥٤) بۆ عیلاج رووی لە پاریس کردوە، (خۆدزکۆ) ئەو کاتە کارمەندی باڵیۆزخانەی روسیای قەیسەری بووە لە پاریس، بۆ تەواو کردنی لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە زمانی کوردی ئەم هەڵەی قۆزتۆتەوە. ئەحمەد پاشا باسی (نالی) بۆ کردوە. لە کۆتایی ساڵی ١٨٥٤دا، ئەحمەد پاشا بانگ کراوە بۆ ئەستەمبوڵ پاشان ئەو پۆستانەی سەرەوەی پێ سپێردراوە.

کەچی ئەمینی زەکی دەڵێ:

لە دووەمین سەفەری (نالی) بۆ ئەستەمبوڵ لەگەڵ ئەحمەد پاشادا کۆبۆتەوە و تا وەفاتی لای ماوەتەوە.

[ بڕوانە: محمد امين زكى: خلاصة تاريخ الكرد و كردستان (ترجمة محمد على عونى) ط٢ بغداد-١٩٦١، ص(٣٤٠-٣٤١).] بەڵام هەروەك دەبینین بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراو نیە ئەو قسەیە بسەلمێنێ.

(١١)ديوانی (نالی) چاپی ١٩٧٦، ل(١٧٤-١٩٧)

(١٢)علاءالدين سجادى: دوو چامەکەی نالی و سالم، چاپخانەی مـەعارف-بـەغدا (١٩٧٣ز-١٣٩٤ھ)، ل(٧٦).

(١٣)دیوانی نالی، چاپی ١٩٧٦، ل١٩٦.

(١٤)دوو چامەکەی نالی و سالم، ل(٧٨)

(١٥)چەپکێك لە گوڵزاری نالی، ل(شەست و دوو)

(١٦)سەرچاوەی پێشوو، ل(شەست و سێ)

(١٧)دیوانی یعقوب ئاغـا (لـە سـالی ١٢٩١ھ/١٨٧٤ز) وەفـاتی کـردوە. دەسنووس ل(٩٢).

(١٨)چەپکێك لە گوڵزاری نالی،ل(١٦٤).

(١٩)مێـژووی ئـەدەبی کـوردی، چ٢، بـەغدا-١٩٧١، ل(٢٤٣-٢٤٤)، ئـەو هەڵانە لە نووسینێکی دیکەی مامۆستا سجادیدا دووبارە دەبێتەوە. [ بڕوانە: دوو چامەکەی نالی و سالم، بـەغدا ١٩٧٣-١٣٩٢ھ، ل(٤-٦) و (١٣٢) و (١٣٦)].

(٢٠) بۆ وێنە بڕوانە:

چەپکێك لە گوڵزاری نالی، ل(بیست وحەوت-شەست و حەوت).

دیوانی (نالی) (چاپی-١٩٧٦)، ل(٢٥-٣١)، (٣٤-٤٠).

د. عبداللە حەداد: نالی و هەندێ زانیاری تازە، پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، ل٣٤.

(٢١)مامۆستا فاتح دەڵێ:

(من لام وایە (نالی) ئەو نامەیەی یا دوابەدوای شکانی ئەحمەد پاشا و بانگ کردنی بۆ ئەستەمبوول ناردووە، کە ئەکاتە ساڵی ١٨٤٧ی زایینی، یا پاش ئێجگاری دەس لە کار کێشانەوەی عەبدوڵلا پاشای برای و نەمانی دوا دەسەڵاتی بنماڵەی بابان، واتە ساڵی ١٨٥١ی زایینی کە ئەکاتە ساڵی ١٢٦٨ی کۆچی).

[ بڕوانه: دیوانی نالی، چاپی ١٩٧٦، ل(٤٠)]

سەرنج

زۆربەی ئەوانەی لە (نالی) دواون، وای بۆ دەچن بەر لە رووخانی میرنشینی بابان، (نالی) شاری سلێمانی بەجێ هێشتووە و چۆتە حەج.

[ بڕوانه: الدکتور عزالدین مصطفی رسول: الواقعیة في الادب الکردي، بیروت (ب.ت)، (١٩٦٦؟) ص(٧٨)؛ د. مارف خەزنەدار: دیوانی (نالی) و فەرهەنگی نالی، ل(٣)]

(٢٢)دیوانی نالی، (چاپی ١٩٧٦)، ل(٣١)

(٢٣)نالی.. هەندێ زانیاری تازە، (پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە)، ل(٣٣).

(٢٤)بڕوانه پەراوێزی ژمارە (٤)

سەرنج

ئەلحەزراوی لە کتێبی (نزهه الفکر)دا، ژیاننامەی کۆمەڵێك زانا وپیاوی گەورە ومامۆستا وشاعیرانی تۆمار کردوە کە لە سەدەی (١٢) و(١٣) هەمی هیجری (١٨) و(١٩)ی زاینیندا ژیاون، کتێبەکە لەسەر وێنەی تاکە دەسنووسێك ساغ کراوەتەوە، لە کتێبخانەی (حەیدەر ئاباد) لـــە ژێر کۆدی (١٦/ تراجم) پارێزراوە، دوای تێپەڕ بوونی (٨٧) ساڵ بەسەر مردنی خاوەنەکەی لە چاپ دراوە.

(٢٥)بڕوانه پەراوێزی ژمار (٤).

(٢٦)خیرالدین الزرکلي: الاعلام، المجلد السابع؛ نزهه الفکر: ص(٧-٨).

(٢٧)(نزهة الفکر)، ل(٣٥٧-٣٥٨).

(٢٨)النیف: الزیاده: یقال عشره و نیّف او نیف، و کل ما زاد علی العقد فنیف الی ان یبلغ العقد الثاني و لا تستعمل لفظة (نیّف) الا بعد عقد. فیقال (عشره و نیّف، مئه و نیف) لا یقال خمسه عشره و نیف.) (المنجد/٨٤٧).

(٢٩)له گۆڕینی ساڵی هیجری قەمەری بۆ ساڵی زایینی، سوودمان لەو سەرچاوەیە بینیوە: فريمان جرينفيلد: التقويمان الهجري و الميلادي، (ترجمة: د. حسام الالوسي) ط٢ بغداد-١٩٨٦.

(٣٠)له لاپەڕەکانی داهاتوودا، بە درێژی باسی کتێبی عثمانلی مؤلفلری دەکەین. بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٤٥)

(*)الاعلام/ المجلد الرابع ص (١٣٢)؛ المجلد الثاني ص (٢٤٩-٢٥٠)

(٣١)البكري (محمد توفيق): (١٨٧٠-١٩٣٢)، شاعیر و زانایە، نەقیبی ئەشراف و شێخی پیرانی تەریقەتەکان بوە لە میسر. خاوەنی کتێبی (المستقبل للاسلام)ە.

[فەردنیان توتل: المنجد في الأدب و العلوم، ص(٨١).]

(٣٢)اراجيز: کۆی (ارجوزە)یە، هەڵبەستێکە لەسەر وەزنی (ڕەجەز) دەنووسرێ.

(٣٣)شێخ (محمد عبده): (١٨٤٩-١٩٠٥) لە دیلتای میسر هاتۆتە دنیاوە، زانایەکی نوێخوازی موسڵمانە، یەکێکە لەوانەی داوای ئیصلاحیان دەکرد، پەیوەندی بە (جمال الدين الأفغاني) کرد، ڕۆژنامەی (الوقائع المصرية)ی دەرکرد. خاوەنی کتێبی (رسالة التوحيد)ە.

[ المنجد في الادب و العلوم/٣٤١]

(٣٤)خيرالدين الزركلي: الاعلام، المجلد السابع، ص(٨٩-٩٠).

(٣٥)ديوانی نالی، (چاپی ١٩٧٦)، ل(٤٨٢-٥٢٠).

(٣٦)سەرچاوە پێشوو، ل(٥١٧).

(٣٧)لە بەیتی ٧٨ی قەسیدە عەرەبیەکەدا (نالی) دەڵێ:

و إلى ظله الظليل إبن عوْن

سبْط اسباطِ آخر الخلفاءِ

لە بەیتی ٨٠دا دەڵێ:

جامع الآي في الوفا و الحياء

سبط صنو بني علي الزهراء

مەبەستی لە (حەیدەری شێری یەزدان) ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالیبە (ر.ض)

[ بڕوانە: نزهە الفكر، ص٣٦٥ ]

به بۆچوونی ئێمه مەبەستی له (آخر الخلفاء) ئیمام عەلیه، هەروا میسراعی دووەمی بەیتی دووەم ئەوە ناگەیەنێ کە حەسەنی کوڕی عەلی بە خەلیفەی پێنجەم دانابێ.

(٣٨)دیوانی نالی، (چاپی ١٩٧٦)، ل(٢٦٤).

(٣٩)دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، ل(٧٣-٧٤).

(٤٠)مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێ: ئەو دوو پارچە شێعرە، هی تەمەنی پیرانەن، دەنگی پاییزی عومرن. [ بڕوانه چەپکێك له گوڵزاری نالی، ل(چل ونۆ).]

(٤١)چەپکێك له گوڵزاری نالی، ل(چل ونۆ).

(٤٢)(نالی) له دوا بەیتی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:

لامەدە (نالی) لە ئەنباری خەزێنەی ساڵحان

گەرچی ببیە خۆشەچینی دانەیی خەرمانیڕۆم

[ بڕوانه دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، ل(٧٤)].

(٤٣)شەرحلێدەرەکانی دیوانی (نالی) (چاپی ١٩٧٦) گوتویانە (نالی) ئەم شیعرەی لە سەرەتای بە جێهێشتنی کوردستان و گوڕی بیر کردنەوەو سۆزدا وتووە..[ ل (٣٠٠)].

(٤٤)مەبەستی: عەربی و فارسی و تورکیە.

(45)BURSALI, Mehmet Tahir Effendi: Osmanli Muellifleri, II, Beyazit-Istanbul, 1972, S.284;

دکتۆر عبدالله محمد حەداد: نالی.. هەندێ زانیاری تازە، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٨٠)، هەولێر-١٩٨٩، ل(٣٣).

لێکدانەوەی شیعرە تورکیەکە:

گاهی: هەندێ جار، هەندێ کات،

تسبیح: تەسبیحات، نوێژ، دوعا و نزا، له خوا پاڕانەوە، گوتنی (سبحان الله)، بە دڵێکی پاك روو لە خوا کردن، زیکری خوا، مناجات،

گەه: هەندێ جاری تریش،

بادە: مەستی، شەراب، مەی، هەموو خواردنەوەیەك ببێتە هۆی مەستی.

گاهی نقش رخی سادە: هەندێ جاریش خەریکی نەخشاندنی روخسار و

روومەتی جوان و پاك و بێخەوشی یارم..(بە نووسینی شیعری جوان لە

وەسفیدا).

سنگ (سنن): هی تۆ. سنگ دردنله: لە دەرد و خەفەت و ئیش و ئەشکەنجەی

تۆ (لە دووری تۆدا).

نلر چکتم: چیم چێشت. (چیم بە سەرهات).

(٤٦)امین فیضي: انجمن اديبان كورد، استمول، ربيع الاول-١٣٣٩ (١٩٢٠)، ل(٥).

سەرنج:

١-ئەم کتێبە دوو جاری دیکە لە چاپ دراوەتەوە، جاری یەکەم لە سلێمانی، لە ساڵی ١٩٨٢ لە لایەن کاکەی فەلاحەوە لە گەڵ پێشەکییەك دا لە چاپ دراوە، جاری دووەمیش لە لایەن (لیژنەی ویژە و کەلەپوور) لە کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کوردی لە ساڵی ١٤٠٣هـ-١٩٨٣ز لە بەغدا بە هەندێ لێکدانەوە و روونکردنەوە لەچاپدراوە.

٢-لە هەندێ نووسیندا هاتووە گۆیا کتێبەکەی ئەمین فەیزی لە ساڵی (١٣٣٩ رۆمیدا) لە چاپ دراوە، راستیەکەی لە ساڵی ١٣٣٩ی هیجری قەمەری دا لە چاپ دراوە.

(47)Abdullah Mohammed AHMED: Le Shaikh Riza TALABANI (1935-1910), a traver sa poiesie Kurde, Turk et Persan, Memoire de Maitrise, Universite de la Sorbonne Nouvelle - Paris - 1984, PP. (22-23).

(٤٨)انجمن اديبان، ل(٣٣-٣٦).

سەرنج:

مەبەست لە هۆنراوەی یەکەم ئەو هۆنراوەیە کە بەم بەیتە دەست پێدەکات:

تا فەلەك دەوری نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو

کەوکەبی میهری موبارەك، تەلعەتی پەیدا نەبوو

هی دووەمیش:

ئەو تاقمە مومتازە کەوا خاسسەیی شاهن

ئاشوبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

شایانی باسە، ئەمین فەیزی باسی موناسەبەی هەر دوو شیعرەکەی کردوە.

(٤٩)دیوانی نالی، (کوردی و مەریوانی)، ژمارە (١) بغداد-١٩٣١.

........................................

........................................